# جیاوازیی نێوان سیاسەت و گەوادیی سیاسیی



## دکتۆر کەمال میراودەلی :

نموونەی چوارەم : ڕێکەوتنی ئەم دوایی یەی نێوان ئێران و جیهان , مەبەست ڕێکەوتنی کۆتایی پێهێنانی کێشەی چەکی ئەتۆمیی ئێرانە .

### پاشخان

1 - ساڵی ٢٠٠٢، بە هۆی کاری جاسووسی موجاهیدینی خەلقەوە ، ئەوە بۆ ڕۆژاوا دەرکەوت کە ئێران پرۆژەی بەرهەمهێانی وزەی ئەتۆمیی و لەمەوە چەکی ئەتۆمیی هەیە . وەستاندنی چەکی ئەتۆمیی ئێران بوو بە پرسە هەرە لە پێشەکانی سیاسەتی ئیسرائیل و ئەمریکاو ڕۆژاواو ئەوسا لە ڕێگای ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی نەتەوە یەکگرتۆکانەوە ، هەموو جیهان .

2 - بۆ ناچار کردنی ئێران کە دەسبەرداری ئەم پرۆژەیە بێت ، ئەمریکاو ئیسرائیل و ڕۆژاوا هەموو هۆکارێکی سیاسیی و دیپلۆماسیی و ئابووریییان بەکارهێنا ، هەر لە سزادان و گەمارۆدانی ئابوورییەوە هەتا هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی سەربازیی و هێرشیی ئاسمانی .

3 - ئەمانە تەنیا هەڕەشە نەبوون : چەندین زانای ئەتۆمیی ئێران لە ناو ئێراندا تیرۆر کران . بەلای کەمەوە لە ٢٠٠٧ وە تا ٢٠١٣ حەوت زانای پسپۆڕی بواری وزەی ئەتۆمیی تیرۆر کران لەوانە : موجتەبا ئەحمەدی ، فەرماندراری بارەگای جەنگی سایبەر [ سەروو ئاسمانیی ] ئێران . لە لایەکی تریشەوە کارخانەکانی

بەرهەمهێنانی وزەی ئەتۆمیی ئێرانی کەوتنە بەر هێرشی ڤایرۆسی سایبەر [ ڤایرۆسی ستوخنێتی هاوبەشی ئیسرائیل و ئەمریکا ] نزیکەی پێنج یەکی یەکە کارسازییەکان لەناو بردران .

4 - بەلام ئەوەی لە هەموو زیاتر پشتشکێن بوو بۆ ئێران سزادانی دارایی و گەمارۆی ئابووریی بوو . ئەو سزایانەی لە ڕێگای ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکرتوکان وئەمریکاو یەکێتیی ئەورووپیی یەوە خرانە سەر ئێران و هەموو بوارێکی ژیان و چالاکی ئابووریی و دارایی و بازرگانییان گرتەوە :

1 - قەدەغەکردنی هاوردەکردنی چەکی قورس و تەکنۆلۆجیای ئەتۆمی بۆ ئێران

2 - قەدەغەکردنی چەکفرۆشتن بە ئێران

3 - سڕکردن و هەڵپەساردنی حیسانی بانکیی کۆمپانیاو کەسانی ئێرانیی

4 - قەدەغەکردنی هەموو جۆرە مامەڵەیەکی دارایی و پارە لەگەڵ بانکەکان و دامەزراوە دارایی یەکانی ئێران

5 - قەدەغەکردنی کڕین و هاوردەکردن و گواستنەوەی نەوتی ئێران . پێشتر ولاتانی یەکێتی ئەورووپایی ٪۲۰ ی نەوتی ئێرانیان دەکڕی .

6 - لە ۱۹۷۹ – ەوە ئەمریکا هەموو جۆرە پیوەندییەکی ئابووریی و بازرگانی لەگەڵ ئێران قەدەغەکردووە جگە لە هەندێ کەلوپەلی پزیشکی و کشتوکالی بۆ مەبەستی مرۆڤپەورەرانە .

5 - کاریگەریی سزاو گەمارۆی ئابووریی و بازرگانی

ئەنجامە ڕاستەوخۆکانی ئەو گەمارۆیە ئابوورییە توند و گشتگرە ئەوە بوو :

ئێران نەتوانێ نەوتەکەی کە سەرچاوەیەکی سەرەکیی داهاتییەتی ، لە بازاری جیهانییدا بفرۆشێت، ئێران نەتوانێت دراوی قورسی دەسکەوێت . ئێران نەتوانێ سیستمی بانکی جیهانیی بەکاربێنێت و پارە قەرز بکات ، بگۆڕێتەوە ، بنێرێت ، ئێران نەتوانێت بابەتی تەکنۆلۆجی و ئامرازو کەرەسەی ئیحتیات ویەدەگ بۆ سنعەتەکانی تەنانەت کەرەسەی پزیشکی پیوسیتیش لە دەرەوە بێنێت . ئەمەش بووە هۆی دابەزینی هەرەساوی نرخی تومەن کە دوو لە سەر سێی نرخی بەرامبەر دۆلار دابەزیی و قەیرانی ئابووریی گەورەو تەشەنەکردنی بێکاریی و هەژاریی . هەناردەی نەوتی ئێران تا مایسی ۲۰۱۳ رۆژی ۷۰۰۰۰۰ بەرمیل دابەزی . لە کانوونی دووەمی ۲۰۱۳ دا وەزیری نەوتی ئێران دانی بەوەدا هێنا کە ئێران بە هۆی

گەمارۆی ئابوورییەوە مانگانە لە نیوان ٢,٥ تا ٥ بلیۆن/ملیار دۆلار زیانی پیدەگات . تەنیا لە ساڵی ٢٠١٢ دا خەسارەتی لە ئێران لە نەفرۆشتنی نەوتەكەی ٢٦ بلیۆن دۆلار بوو .

6 - لە ساڵی ٢٠١٣ دا ئێران و هێزە جیهانییەكان كە بە گرووپی ٥ + ١ ناسراون كەوتنە گفتوگۆ؛ واتە پێنج ئەندامەكەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی نەتەوە یەكگرتۆكان لەگەڵ ئەڵمانیا .... واتە ئێران بە تەنیا وەک لایەنیك و هەموو دنیا بە نوینەرایەتی دەولەتە هەرە زلهێزەكان : ئەمریكا ، چین ، روسیا ، فەرەنسا ، بەریتانیا و ئەڵمانیا ، وەک لایەنەكەی تر ، پرۆسەیەكی دانوستانی جیهانیی یاسایی یان ، كە بە بڕیاری نەتەوە یەكگرتۆكان درا ، دەستپێكرد .

7 - ئەمە لە كاتێكدا بوو كە ئێران بە سەدان بلیۆن دۆلاری لێ حیجز كراوە ، بە سەدان بلیۆنی تری ساڵانە لە فرۆشتنی نەوت زەرەر دەكرد لەگەڵ زیانی گەورەی وەستانی زۆر كەرتی ئابووریی بە تایبەتی پیشەسازیی وتەكنۆلۆجی ، بەلام ئەمە سەری بە ئێران شۆرنەكرد. وەک هەر گەلێكی كۆنی خاوەن شارستانیی مەزن كە لە كاتی تەنگانەی دەرەوەدا پشت بە سەرچاوەو هێزە ناوەوەییەكانی دەبەستێت ، ئێران بە پشتگیری زانست و باسكاریی زانستیی و پێشخستنی كەرتی كشتوكاڵ و بەرهەمی خۆماڵی و خزمەتگوازریی گشتی و كەرتی كارەباو غاز ، توانی بە بێ كێشەی ئابووریی و كۆمەلایەتی ترسناک، خۆر رابگرێت . لە كاتێكدا ئەورووپاو ئەمریكا لە ٢٠٠٨ ەوە تووشی قەیرانی دارایی و ئا بووریی گەورەبوون ، هێشتا ئێران تووشی وەستانی ئابووریی [ ریسێشن ] نەبوو ... و گەشەسەندنی ئابووریی ئێران لە نیوان ٪٢ تا ٪٢,٨ بوو . هەروەها ئێران ولاتێكی فراوان و خاوەن سەرچاوەی ئابووریی فرەجۆرو زەبەندە . بۆیە هیچ كاتێ لە ٪٢٥ زیاتر ئێران پشتی بە داهاتی نەوت نەبەستووە . بە پێی سایتی [ ترەیدینگ ئیكۆنۆمیكس ] كە تازەترین ئاماری ئابوورییەكانی جیهان پیشكەش دەكات ، بەشداری كەرتەكانی چالاكی ئابووریی لە كۆی داهاتی نەتەوەیی ئێراندا لە ٢ ی ئابی ٢٠١٥ دابەم چەشنەیە :

http://www.tradingeconomics.com/iran/gdp

1 - كەرتی خزمەتگوازارییەكان [ خدمات ] گەورەترین كەرتی ئابووری ئێرانە و لە ٪٥١ ی كۆی داهاتی نەتەوەیی [ كدن ] پێكدێنێت . گرنگترین بەشەكانی خەدەماتیش ئەمانەن : كەرتی خانووبەرە وخزمەتگوزاریی پسپۆرو پرۆفێشناڵ . ٪١٤ ی كدن، بەشی بازرگانی رێستۆرانت و هوتێل ٪١٢ ی كدن ، خزمەتگوازتریی گشتی حكومەت ٪١٠،

2 - بەرهەمهێنانی نەوت ٪٢٣ ی داهاتی نەتەوەیي [ کدن ] پێکدێنێت . [ ک - د - ن = کۆی داهاتی نەتەوەیي ]

3 - پیشەسازیي و کانسازیي : ٪١٣ ی کدن ـە .

4 - کشتوکاڵ ٪١٠ ی کدن ـە .

5 - پێکهێنەرێکی تری گەورەی داهاتی ئێران : بیناسازیي و پرۆژەی دابەشکردنی گاز وکارەباو ئاوە کە ٪٧ ی داهاتی ئێران پێکدێنێت .

دیارە کەرتێکی گەورەی تر کە گەمارۆی ئابووری پەکی خستووە کەرتی گەشتوگوزارە ئێران یەکێکە لە هەرە خۆشترین وسەرنجڕاکێشترین و کەلتوورییترین ولاتانی دنیا گەر دەرگای گەشت و گوزار بکریتەوە بە ملیۆنان لە هەموو لایەکی دنیاوە رووی تیدەکەن .

6 - بەڵام راستیي سەرچاوەی هەرە مەزنی ئێران خەڵکەکەیەتی ، مرۆڤەکانن . ئێران وڵات و گەلێکی شارستانی کۆنە و گەرچی سیاسەتی دەسەلاتخوازی تیۆکراتیي دینیي زەبرێکی گەورەی بە هیزەکانی داهێنان و پێشکەوتنی کۆمەلایەتی لاوانی ئێران بە گشتیي داوە ، رژێمی ئێرانی و سیاسەتە ئابوورییە نێوەندیارییەکەی ، پشتگیری زانست و لێکۆڵینەوە و باسکاریي زانستییان پشتگوێ نەخستووە ، پرۆژەی بەرهەمهێنانی وزەو چەکی ئەتۆمی بەرهەمی بیرو کارو کردەوەی زانا ئێرانییەکانە بۆیە ئیسرائێل و رۆژاوا ئەوەندە بە تەنگەوە بوون زانا گەورەکان تیرۆر بکەن . جگە لەمەش ئێران توانی سارۆخی درێژبڕو کەشتی جەنگی دەریایي خۆی و مانگی دەسکرد بە بێ یاریدەی دەرەوە دروست بکات .

بە پێی بەدواداچوونێکی ئاماریي کە لە گۆڤاری زانستیي [ نیو ساینتیست ] لە ٢٠١١ دابلاوکراوەتەوە ، لەو ساڵەدا ئێران لە ریزی هەرە پێشەوەی پەرەسەندنی لێکۆڵینەوەی زانستیي بووو لە جیهاندا .. تەنیا لە نێوان ساڵی ١٩٩٦ و ٢٠٠٨ دا بەرهاتی زانستیي لە ئێراندا ١٨ قات زیادی کردووە لە ٧٣٦ دیراسەی زانستی پەخشکراوەوە بۆ ١٣، ٢٣٨ دیراسەی زانستیي بلاوکراوە . هەر لەو ماوەیەدا بەرهەمی هاوکاریي زانستیي نێوان ئێران و ئەمریکا لە ٣٨١ باسی زانستی هاوبەش بۆ ١٨٣١ باس زیادی کردووە .

ڕوانە : https://www.newscientist.com/article/dn20291-iran-is-top-of-the-world-in-science-growth

لە نێو ٢٣٩ ولاتی جیهاندا ئێران پلەی ٢٢ بیست ودووەمی لە پێشکەوتنی زانستییدا بۆ سالانی ١٩٩٦-٢٠١٤ هەیە و لە پێش ولاتانی وەک ئیسرائیل ، نەمسا ، نیوزیلاند ، نەرویج و دانیمارکەوەیە .

http://www.scimagojr.com/countryrank.php

لە سالی ٢٠١٢ دا ئێران پلەی حەڤدەیەمی هەبوو .

/http://www.ncbi.nlm.nih.gov/pmc/articles/PMC3732862

پێشکەوتنی ئێران لە بواری زانست و تەکنۆلۆجیادا لە ئەنجامیی پشتگیریی دەوڵەت بۆ پەروەرەدو خوێندن و قوتابخابەو زانکۆکانەوەیە . پەرەوەرەدو فێرکرن و مەشق و ڕاهینان کاری هەمیشەیی دەزگاکانی پەروەردەو خوێندنی ئێرانییە .

لە گەل بوونی گەمارۆی ئابووریشدا ، ئێران لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا پێشکەوتنی لە هەموو بوارەکانی باسکاریی زانستیی و تەکنۆلۆجیادا بەدەستهێناوە . ژمارەی خوێندکارانی زانکۆکانی ئێران لە 100.000 کەسەوە لە ساڵی ١٩٧٩ بۆ دوو ملیۆن لە ساڵی ٢٠٠٦ دا بەرز بۆوە . ٪٧٠ ی خوێنکارانی زانست و ئەندازیاریی لە ئێران ژنن . ئێران لە هەموو بوارەکانی فەزای دەرەوە ، زانستی ئەتۆمیی ، و پێشکەوتنی پزیشکی پێشکەوتنی بەدەستهێناوە .

دیراسەیەکی تایبەتی بە پێشکەوتنی زانستی ئێران لە ماوەی ٣٥ ساڵدا  کە لە گۆڤاری باسکاری زانستی پزیشکیدا لە مانگی مارتی ٢٠١٢ دا بلاوبۆتەوە ،  پێشکەوتنی گەورەی باسکاریی زانستیی لە ئێراندا دەردەخات . [ بواری کیمیا لە ئێران زیاترین بەرهەمی بەدەستەوە داوە بە پێی ژمارەی باسە بلاوکراوەکان کە گەیشتوونەتە ١٦٨٩٢ بلاوکراوە ] و لە رووی جۆرباشییشەوە [ کوالیتی ) گەیشتوونەتە ئاستی هەرە بەرزیی جیهانیی . لێکۆڵینەوەکە دەگاتە ئەم ئەنجامە :

If this scientific growth of Iran continues, it would not be surprising to see Iran as one of the most powerful countries in the field of science in the World

گەر ئەم گەشەکردنە زانستییە بەردەوام بێت ، ئەوە جێگەی سەرسامیی نابێت کە ئێران ببێتە یەکێک لە هەرە بەهێزترین دەوڵەتانی دنیا لە بواری زانستدا .

A progressive quantitative and qualitative growth of Iranian publications was evident. The field of chemistry in Iran was the most prolific in terms of the number of publications (16982) whereas economics and business was the least prolific (156). A growth in the quality of works of Iranian authors was evident by gaining higher H-index in the recent years.

Conclusions:

If this scientific growth of Iran continues, it would not be surprising to see Iran as one of the most powerful countries in the field of science in the World.

Keywords: Iran, science growth, ranking in the world

/http://www.ncbi.nlm.nih.gov/pmc/articles/PMC3527047

7 - کەوایە دەتوانین بڵێین کەسێتیی مێژوویی ئێران یان ئێرانیی بریتییە لە شارستانێتییەکی هەرە کۆن کە شانبەشانی شارستانێتیی کۆنی چین دەوەستێ لە بواری داهێنان وزانست و سنعەت و کەلتوورو عەقڵی ئیداریدا . دیارە ئەم عەقڵە شارستانییە کە هەمیشە و بەردەوام خۆی لە باوەشکردن بە زانست و داهێنانی زانستیی و کەلتووریی و سنعەتدا دەرخستووە ، لە عەقڵی سیاسیی و دیپلۆماسیشدا و لە کەسێتیی سیاسیی وسیاسییەکانی ئێرانیشدا خۆی دەردەبڕێت .

گەرچی بەرواڵەت بە تایبەتی لە سەردەمی ئەحمەد نەژاددا ، پرۆپاگەندەو گازندەی ئێکستریمیی رواڵەتێکی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بوو ، دامەزراوەی سیاسیی ئێرانی لە هەموو سەردەمێکدا دیپلۆماسییەتیکی عەقلانی ڕەچاو کردووە کە هاوسەنگیی لە نێوان پاراستنی کەسێتیی ئێران لە لایەکەوەو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی لە لایەکی ترەوە راگرتووە .

8 - دیارە ئەو پاشخانە مێژوویی یە شارستانییە مەزنەو ئەو عەقلە سیاسییە زیرەکەیە کە سیاسەتی ئێرانیی و کەسێتیی ئێرانیی لەوانە سیاسییەکان و هێزەسیاسییەکانیشی دیاری دەکات . چاوەڕوان ناکرێ لە ناو ئەو پرۆسە شارستانییە مەزنە بەردەوامەدا ، لە ناو سستیمی ئێرانییدا هەرچییەک بێ گەوادی سیاسی دەرکەویت یان هێزێک دەرکەویت کە لە سەر بنەمای گەوادیی سیاسیی دامەزرابێت . چاوەڕوانی ئەوە

ناکرێ تەنانەت یەک سیاسیی بچووکیش لە مێژووی ئێراندا دەرەکەویت کە شانازی بەوە وە بکات ( ئۆباما ) یەک ببینوێتی یان (کلینتۆن ) یێک پێشوازیی بکات یان رەسمگرتن و دانیشتن لەگەلیان بە شانازیی بزانێت هەروەک چۆن ئەمە لە ولاتیکی وەک چین و ڕووسیاش چاوەڕوان ناکرێت . ئێران مقاش دروست دەکات بەلام دەستی خۆی ناسووتینێت ، گەوادی سیاسیی دروست دەکات بۆ خزمەتی خۆی بەلام رێگە بە گەوادبوونی کەسێتیی ئێرانیی نادات . قەت چاوەڕوانی ئەوە ناکرێ ئەحمەدی نەژادێک بۆ مانەوەی خۆی بچێت لەگەڵ سی ئای ئەی لە ژێرەوە رێک کەوێت و لەو سەدان ملیار دۆلارەی ئێران حیجز کراوە پەنجا ملیار بە دزیی بۆ خۆی زامن بکات و واز لەئەوی تر بێنێت و داوا بکات ئەمریکا یارمەتی بدات میلیشیای بۆ دروست بکات تا کودەتا بکات و هەتا هەتایە لە دەسەلاتدا بمێنێتەوە .. گەر وەک تاکەکەسیش ئەو خەون وخواستەی هەبێت ، شارستانێتیی و کەلتوورو سیستمی دەسەلاتی ئێرانیی ئەوە قبوڵ ناکات .. لەوەتی ١٩٧٩ ەوە تا ئێستا پێنج سەرۆک کۆمار بە هەڵبژاردن گۆڕاون .. تەنانەت رەزاشای پەهلەویش گەرچی ئەمریکا بۆ خزمەتی خۆی ، راپەرینی موسەددەقی بۆ رووخاند و بەکاری هێنا ، ڕەزا شا گەوادی ئەمریکا نەبوو ، دیپلۆماسیەتێکی زیرەکانەی یاری دەکردو کەسێتیی ئێرانیی و بەرژەوەندیی ئێرانیزمی دەپاراست و چ وەک چاکسازیی ناوخۆیی وچ وەک سیاسەتی دەرەوە ، ئێرانی بە پلەیەکی زۆر بالا لەپێشکەوتن گەیاند ،. ئێران هێزی هەرە مەزنی خەلیج و رۆژهەلاتی ناوەراست بوو تەنانەت زیاتر لە تورکیاش ، بە هۆی نەوتەکەی و شوێنە ستراتیژیەکەی و پێشکەوتنە ناوخۆییەکەی . لە سەردەمی ئاشبەتالەکەی ١٩٧٥ دا ، من لە ئێران بووم ، ئەو کاتە شای ئێران وتارێکی دا کە سالی ٢٠٠٠ ئێران دەبێتە پێنجەم دەوڵەتی گەورەی جیهان . ئەم واگۆیەشی فشە نەبوو : ئێران کەوتبووە قۆناغێکی پێشکەوتنی سنعەتی هەرە گەورەوە ، و خەریک بو پێداویستییەکانی بازاری ناوخۆی خۆی دابینی دەکات و بەرهەمی سنعەتی وەک ماشێن ( سەیارە ) بۆ دەرەوەش دەنێرێت . جگە لەمەش ئێران سیاسەتی نەوتیی سەربەخۆی وەک پشتگیرێکی گەورەی ئۆپك رەچاو کردو رێکەوتن و گرێبەندی گرنگی لەوانە فرۆشتنی گاز ، لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت ئیمزا کرد . ئەمە هۆکاری هەرە گەورەی هەولی ئەمریکاو رۆژاوا بوو بۆ ڕووخاندنی شا .. گەرچی ئەمریکا و بەریتانیاو فەرەنسا ، خومەینی و هێزە دینییەکانیان بۆ جێگرتنەوەی شا هەڵبژارد بە تایبەتی بۆ رێگە گرتن لە سەرکەوتنی هێزە چەپەکان ، و پێشکەوتنخوازەکان ، کە لەمە دا ئامانجیان پێکا ، بەلام لەوەدا بە هەڵە چوون کە دەتوانن خومەینی و ئاخوندەکان بکەنە داردەستی خۆیان، وەک بینیمان خومەینی لە ڕیگای داگیرکردنی سەفارەتی ئەمریکا لە تاران و بە بارمتەگرتنی ئەمریکییەکان ، گەورەترین سووکایەتی بە ئەمریکا وکەسێتیی ئەمریکی کرد . هەروەوها دەبینین گەرچی هێزیکی وەک موجاهیدین کە ئایدیۆلۆجییەتیکی ئیسلامیی فاشیستیی لە خومەینیشیان ئێکستریمتر هەبوو ، گەرچی لە

سەرەتاوە پشتگیرییەکی باشیان هەبوو ، دوای ئەوەی بوون بە گەوادو مورتەزەقەی سەددام و ئەوسا گەوادو مورتەزەقەی غەرب ، هیچ پشتگیری و ناویکیان لە ناو ئێراندا نەما .

9 - گەمارۆی ئابووریی و دانوستانی سیاسیی جیهانیی

لەبەر ئەو پاشخانە شارستانییە مەزنەو عەقلە سیاسییە ستراتیجییە ، لەگەڵ سەختیی و گشتگریی و جیهانگیریی گەمارۆی ئابووریی لەسەری ، ئێران توانیی :

1 - پشت بە ئابووریی و بەرهەمی ناوخۆی ببەستێت و بە تایبەتی لە ڕێگای کەرتی کشوکاڵی بەهێزەوە ئاسایشی خۆراکی خۆی بە پشتبەستن بە خۆی دابین بکات کە ئەمە مەرجی سەرەکیی سەربەخۆیی و سیاسەتی سەربەخۆی هەر وڵاتێکە .

2 - نەهێڵێت لە پێشکەوتنی زانستیی و تەکنۆلۆجی دوا بکەویت و بەردەوام پشتگیریی خوێندنی ئەکادیمی جۆرباش ( نەوعی ) و باسکاریی ستراتیجیی و داهێنانی زانستیی بکات .

3 - سیاسەت و دیپلۆماسییەتیکی عەقلانی هێمن و درێژخایەن ڕەچاو بکات کە هاوسەنگی لە نێوان پاراستنی کەسێتی مەعنەویی و کەرامەتی ئێرانیی و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی بکات . لەگەڵ هەرەسهێنانی دەوڵەتەکانی دەوروپشتی ، ئێران تووشی ئەو هەڵپەرستییە سیاسییەو تەماو تەڵەی خۆفراوانکردن نەبوو بە خۆتێکەیاندن لە کاروباری ناوخۆی ئەو دەوڵەتانەو بوون بە بەشێک لە بەربەرەکانییەکان و ئاخری تێوەگلانی سەربازیی ڕاستەوخۆ، وەک سعودیە لە یەمەن دەیکات و تورکیا لە سوریا دەیکات .

بەم جۆرە ئێران توانی کەسێتی مەعنەویی و ئەخلاقیی سیستمی شارستانیی وسیاسیی ئێران بپارێزێت و گەوادیی سیاسیی بۆ هیچ سوپەرهێزێک قبوڵ نەکات .

10 - ڕەنگدانەوەی سیستمی سیاسیی ئێران لە دانوستانی نێونەتەوەیی چەکی ئەتۆمی ئێرانییدا .

وەک لە سەرەوە ڕوونم کردەوە ئێران زیانێکی ئابووریی و تەکنۆلۆجی گەورەی لە ئەنجامی گەمارۆی ئابوورییدا پێگەیشت بەلام خۆی ڕاگرت و بەشێوەیەک ، کە هاوسەنگی کەسێتیی مەعنەوی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئێران بپارێزیت ، چووە ناو پرۆسەی دانوستانەکەوە دەبێ ئەوە ڕەچاوکەین کە :

1 - ئێران بە تەنیا لایەنێك بوو بەرامبەر هەموو جیهان کە لە پرۆسەی دانوستانەکەدا لەلایەن دەولەتەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی نەتەوە یەکگرتۆکان لە لایەکەوەو دەولەتەکانی یەکێتیی ئەورووپی لە لایەکی ترەوە نوێنەرایەتی دەکرا .

2 - ئایا ئێران دەیزانی چ دەکات و بەرامبەر چی وەستاوە ؟ بۆ ئەم دانوستانە :

1 - شارەزایی هەرە وردو بالا لە تەکنۆلۆجی وزەو چەکی ئەتۆمیی پێویست بوو .

2 - شارەزایی هەرە وردو بالا لە یاسای جیهانیی و پەیمانە نێونەتەوەییەکان و کارو دەوری نەتەوە یەکگرتۆکان و دەزگا جیهانییەکانی پیویسبت بوو .

3 - شارەزایی هەرە وردو باڵا لە دیپلۆماسییەتی جیهانیی  میتۆدو پرۆسەی دانوستانی سیاسسی پیویست بوو بە تایبەتی کە ئێران یەک بەرامبەر شەش دەوڵەت یان هەموو جیهان بوو .

4 - شارەزایی هەرە وردو باڵا لە پێوەندیی و گفتوگۆی دوولایەنیی  و فرە لایەنیی و زمانی ئینگلیزیی و زمانی دیپلۆماسیی پێویست بوو .

5 - بوونی دەسەلاتی بڕیاردان و توانستی یەکلاییکردنەوە لە ئاستی هەرە بالا دا پێویست بوو .

6 - ئایا ئەوەی پێی دەڵێین رژێمی ئاخوندەیی ئێران ئەمانەی هەبوو ؟ توانی لەپێداویستییە ستراتیجییەکان تێ بگات و کەسی موناسیب بۆ شوێن و کات و ئەرکی موناسیب دابنێت ؟

11 - کەسێتی ئێرانیی و بەڕێوەبردنی دانوستانی دیپلۆماسیی لەگەڵ زلهێزەکانی جیهاندا

بێگومان لە بەر ئەو پاشخانە شارستانییە مێژوویی یە دووردرێژەی باسمان کردو عەقلی سیاسیی دیپلۆماسیی بە ئەزموون و  زانستیخوازیی ئێرانیی ، ئێران سەلماندی کە لە سەرووی هەموو چاوەروانکراوە ئیجابییەکانیشەوەیە .

**حەسەن ڕۆحانی**

حەسەن ڕۆحانی پێنجەم سەرۆک کۆماری ئێرانە لەساڵی ١٩٨٠ـەوە ، خۆی لە خێزانێکی هەژار لە دایک بووە ، باوکی دوکاندارو دایکی مافوورچن بوو ، خێزانەکەی سەر بە قوتابخانەی دینیی شۆڕشگێڕیی خومەینییە ، و خوێندنی دینیی لە قوم ئەنجام داوە . دوای چەند جار گرتن ، ١٩٧٧ هەلات بۆ دەرەوەو ١٩٧٨ چووەلای خومەینی لە فەرەنساو بووە بەشێک لە تیمەکەی . لە کاتی شەری عێراق و ئێراندا ئەو سەرفەرماندەی هێزی ئاسمانی بوو ،، لە سالی ١٩٨٦ دا بوو بە جێگری سەرۆکی پەرلەمان و لەو کاتەدا بەشداری لە دانوستانی نهێنیی لەگەل ئەمریکانییەکنادا کرد بۆ وەرگرتنی چەکی ئەمریکی لە جیاتی ئازادکردنی بارمتە ئێرانییەکان ، کە ئەمە بە سەودای ئێران - کۆنترا ناسرا . لە سالی ١٩٨٩ دا کرا بە ئەمینداری ئەنجومەنی بالای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران . رۆحانی بەوەش ناسراوە کە هۆگریی و رێزێکی زۆری بۆ زانست هەیە . ئەو دەرچووی بەشی یاسایە لە زانکۆی تاران ١٩٧٢، ئەو کاتەش کە قسەخوانی پەرلەمانی ئێرانیی بوو ، خەریکی تەواوکردنی خویندنی ماستەرو دکتۆرا بوو لە گلاسگۆ لە بەریتانیادا . گەرچی دکتۆراکەی لە یاسای ئیسلامییدایە ، ئەو بەریتانیای بۆیە هەڵبژارد چونکە تێگەیشتن و ڕیزێکی زۆری بۆ سیستمی یاسایی و دەستووریی و دادوەریی بەریتانیا هەبوو .. لە گلاسکۆ مامۆستاکانی وەک کەسیکی زۆر سادەو بێ فیز باسی دەکەن کە وەک هەر قوتابییەکی تر لە کانتینی قوتابیان نانی خواردووەو کارە رۆتینەکانی ژیانی بەجێگەیاندووە ،.. بۆیە لە کاتێکدا رۆحانی لە ناو ئێراندا کەسیکی ناوماڵی سیاسەتی ئیرانییە لە دەرەوەش پێوەندی سیاسیی و زانستیی گرنگیی هەیە . هەر ئەمەش وای کرد رۆحانی بە دانوستکاری جەولەی یەکەم بۆ چارەسەری کێشەی چەکی ئەتۆمی ئێران لە ٢٠٠٣-٢٠٠٥ دا هەلێژێردرێت ، لەو دانوستانەدا ناوبانگی خۆی لای غەرب وەک کەسێکی پراگماتیک ومیانڕەو دروست کرد ، بەلام سیاسەتی ئێکستریمیی و توندرەوی ئەحمەدنەژاد کە ڕۆحانی رەخنەگری بەردەوامی ئەو سیاسەتانەی بووە ، ریگر بوو لەوەی زووتر کێشەی ئەتۆمی چارسەر بکات و چەپتەرێکی ناخۆشی ژیانی خەلکی ئێران کۆتایی پێ بێنێت ..

لە سالی ١٩٨٠ شەوە تا ٢٠٠٠ لە پێنج خولدا ئەندامی پەرلەمانی ئێرانیی بووە ..

لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارییدا رۆحانی توانی بە سەر بەرەی هیزی کۆنەخوازەکاندا زاڵ بێت و خولی یەکەم بە ڕێژەی زیاتر لە ٥٠٪ بباتەوە ، یەکەم بەلینی کۆتاپیپێهێنانی گۆشەگیریی نیونەتەوەیی ئێران بوو لە جیهاندا بە چارەسەرکردنی کێشەی چەکی ئەتۆمی ئێرانی لە ڕێگای دانوستانەوە ، دوای هەڵبژاردنی لە حوزەیرانی ٢٠١٤ دا لە مانگی ئەیلوولی ئەو سالەدا ، وتارێکی گرنگی لە نەتەوە یەکگرتۆکان داو لە مانگی

ئەپلوولدا بوو   بە یەکەم سەرەک کۆماری ئێران لە ١٩٧٩ ەوە کە راستەوخۆ گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆک کۆماری ئەمریکی بکات .

http://www.britannica.com/biography/Hassan-Rouhani

ڕۆحانی بە شارەزايي و لێهاتوويي و ئەزموونی خۆی دەیزانی تیمێکی شارەزاو کەسێکی لێزان و لێهاتوو- و بەهێز پێویستە تا ئەم کێشە قورسە چارەسەربکات و ئەنجامێکی سەرکەوتوو بێنێتە دی . بۆیە وەزیری دەرەوەی دانراوی خۆی موحەممەد جەڤاد زەریف – ی بۆ سەرۆکایەتی و بەڕیوەبردنی پرۆسەی دانوستان هەڵبژارد .

**موحەممەد جەڤاد زەریف**

ڕاستی محەممەد جەڤاد زەریف لە ڕۆحانی خۆی بە تواناترو بە ئەزموونترو رۆشنبیرو زانا ترە . باشترین و شیاوترین کەسی بۆ ئەم کەیسە قورسە هەڵبژارد هەر وەک زەریف بە زەریفیی خۆی بۆ ئەم ئەرکە پێگەیاندرا بێت !

ئەوەی سەیرە سەمەرەیە دەربارەی زەریف ئەمەیە :

١ - خومەینی ئەمریکای بە شەیتانی گەورە ناو دەبرد . زەریف هەموو قۆناغی خوێندنی  لە ولاتی شەیتان تەواو کردووە .

2 - زەریف لە هەموو وەزیرێکی دەرەوەی دنیا زیاتر کاتی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جۆن کیری بەسەر بردووە .

http://edition.cnn.com/2015/04/03/middleeast/irans-foreign-minister-six-things-to-know

بە کورتی :

محەممەد جەڤاد زەریف لە ساڵی ١٩٦٠ لە خێزانێکی دەولەتدار لە دایک بووە . بە منداڵی بابی سەیری تەلەڤزیۆن و کاری منداڵانەی لێ قەدەغە کردووە تا هەموو هەول و مێشکی خۆی بخاتە سەر خوێندن . لە ئێران چۆتە ( قوتابخانەی عەلەڤی ) ئایینی ..

لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا باوكی ناردوویەتی بۆ ئەمریكا بۆ خوێندن .

خوێندنی ئامادەیی لە قوتابخانەیەكی ئەهلی لە سانفرانسیسكۆو خوێندنی زانكۆی لە زانكۆی دەوڵەتیی سانفرانسیسكۆ تەواو كردووە .

بەكالۆریۆسی لە بابەتی [ پێوەندییە نێودەوڵەتییەكان ] لە ساسڵی ١٩٨١ دا وەرگرتووەو لە ساڵی ١٩٨٢ ماستەری لە هەمان بابەت وەرگرتووە .

دوای ئەوە لە زانكۆی دێنڤەر بەردەوامی بە خوێندنی بابەتی پێوەندی نێونەتەوەیی داوەو لە ساڵی ١٩٨٤ دا دووەم ماستەری لەو بابەتەدا وەرگرتووە .

لە ساڵی ١٩٨٨ دكتۆرای لە بابەتی [ یاساو سیاسەتی نێونەتەوەیی ] وەرگرتووە .

### هەندێ لە كارو ئەزموونەكانی

ساڵی ١٩٨٢ بە ئەندامی وەفدی ئێران لە نەتەوە یەكگرتووەكان دانراوە .

ساڵی ٢٠٠٠ سەرۆكی كۆمیتەی چەكداماڵین بووە لە نەتەوە یەكگرتووەكان

پرۆفیسۆری سیاسەتی نێونەتەوەیی بووە لە زانكۆی تاران و جێگری سەرۆكی زانكۆی ئازادی ئیسلامی بووە بۆ كاروباری پێوەندییە نێونەتەوەییەكان .

نوێنەری ئێران بووە لە نەتەوە یەكگرتۆكان لە ساڵی ٢٠٠٠ ەوە تا ٢٠٠٧

لە ساڵی ٢٠٠٣ دا [ پرۆژەی سەودای مەزن ] ی داڕشت بۆ چارەسەری كێشەكانی نێوان ئەمریكاو ئێران و لە ماوەی نوێنەرایەتیدا لە نەتەوە یەكگرتۆكان چەندین كۆبوونەوەی لەگەڵ سیاسییە ئەمریكییە گەورەكان وەك جۆزیف بۆدن و چەك هەیگل كرد .

لە چەندین كۆنفرانس و دەزگای جیهانی بەشدار بووەو وتاری داوە . یەكێكە لە كەسێتییە جیهانییە ناودارەكانی پرۆژەی دایەلۆگی نێوان شارستانییەكان .

چەند ساڵ راوێژكارو جێگری وەزیری دەرەوەی ئێڕان بووە .

لە ئابی ۲۰۱۳ دا ڕۆحانی بە وەزیری دەرەوەی ناونا و زۆربەی پەرلەمان پشتگیری کردو بوو بە وەزیری دەرەوەی ئێران .

## پرۆسەی دانوستانی جیهانیی لە ڤیێنا

زەریف بە هەق وەک پاڵەوانیکی ئێرانیی لە مەیدانی سیاسەت و دیپلۆماسی جیهانییدا خۆی سەلماند . ئەمە نەک هەر لە بەر ئەوەی زمانزانیی و خوێندن و ئەزموونە دەوڵەمەندەکەی ئەوی بۆ ئەم کارە ئامادە کردبوو ، بەڵکو لەبەر کەسێتیی تایبەتی خۆشیی وەک مرۆڤیک کە خۆی بە نوێنەری کەرامەت و بەرژەوەندی نەتەوەیی ئێران دانا نەک وەک یاریزانێک لە مەیدانی گەمەی سیاسەتی جیهانییدا . رووخۆشی و دەمبەپێکەنینی هەمیشەیی هاونیشانەی ئیرداەی بەهێزو زیرەکیی و ماندوونەبوون و تێگەیشتنی وردەکاریی و لە پێش و لە سەرووی هەموو شتێکدا خۆ بەدەستەوەنەدان و ڕێگەنەدان بە کەمترین گومانی لاوازیی و گەوادی سیاسیی لە سەر حیسابی کەرامەتی ئێرانیی ، بوو . لە دانیشتنێکدا وەزیری دەرەوەی یەکێتی ئەورووپی دەڵێت : با کۆتایی بە دانیشتنەکان بێنین دیارە ناگەینە ئەنجام . زەریف وەلامی دەداتەوە : ئاگات لێ بێت : هەڕەشە لە ئێرانیی نەکەیت ، ئێرانیی هەڕەشە قبوڵ ناکات .!

دوای ئەو وەزیری دەرەوەی ڕوسیاش دەڵێت : هەروەها ڕووسیش ! واتە رووسەکانیش هەڕەشەی غەرب قبووڵ ناکەن .

زەریف هەر زەریف و دەمپێکەنین نەبووە ، لە پێناوی بەرژەوەندیی و کەرامەتی ولاتەکەیدا چەندین جار لە دانیشتنەکاندا تووڕە بووەو بە سەر وەزیری دەرەوەی ئەمریکادا شیڕاندوویەتی !

بۆ وردەکاری ئەم ڕووداوە بڕوانە :

http://freebeacon.com/national-security/zarif-shouts-at-kerry-never-try-to-threaten-the-iranians/

جەولەی دوایی و کۆتایی دانوستانەکان ۱۷ شەوو رۆژی ڕەبەقی خایاند . زۆر جار تا شەو درەنگ هەموو دانوستکارەکان دەمانەوە . زۆربەی دانیشتنەکان لە لایەن وەزیری دەرەوەی ئێران و وەزیری دەرەوەی یەکێتی ئەورووپایی سەرۆکایەتی دەکران و بەڕیوەدەبردران . واتە وەزیری دەرەوەی ئێران بەرامبەر هەموو نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتۆکان و یەکێتی ئەورووپی .. دیمەنی سەرنجڕاکێشی دانیشتنەکان دیمەنی وەزیری

دەرەوەی ئەمریکا بوو بە رۆیشتنی شەلەشەل بە دارشەقەوە بۆ کۆنفرانسە رۆژنامەوانییەکان تا ڕەوتی پێشکەوتنی دانیشتنەکان ڕابگەیەنێت . ئەوە یەکەم دانوستاندن بوو لە مێژوودا کە وەزیرێکی دەرەوەی ئەمریکا ١٧ شەو و رۆژ بۆ دانوستانێک بمێنێتەوە ... ئەمەش وای کرد وەزیری دەرەوەی ئێران جەڤاد زەریف لە هەموو وەزیرێکی دەرەوەی تر لە دنیادا کاتی زیاتری لەگەڵ جۆن کێری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بەسەر بردبێت . بەلام جەڤاد زەریف ئەمەی بۆ خۆ نزیککردنەوەو دۆستایەتی شەخسی بەکارنەهیناوەو ناهێنێ .. زەحمەتە دوای وازهێنانی هەردووکیشیان رۆژێک ببینین جەواد زەریف بەمال و منداڵەوە لە لایەن جۆن کێری یەوە میوانداری بکرێت یان لە ئایندەدا روون بێتەوە کە جۆن کێری لەگەڵ جەواد زەریف بۆتە شەریک و پێکەوە شەریکەی نەوت یان نەوت پالاوتن و چەندین چاڵە نەوت و بازرگانی نەوتییان لە ئێران هەیەو یان لە بری دەلالی و گەوادیی بۆ شەریکە نەوتییە گەورەکانی جیهان بەرتیل و کۆمیشنیکی زەبەلاحیان وەرگرتووە . شارستانێتی کۆنی ئێرانی و سیستمی ئێرانیی ڕێگای ئەم جۆرە گەوادییە سیاسییە نادات .

بەڵام لەمەش گرنگتر ئەوەی ڕێگای فرتوفێڵ و خراپەکارهێنان و گەوادی سیاسیی دەگرێت عەقڵی زانستیی و دەستوورخوازیی و یاسایی کاریگەری ئێرانییەکانە : جگە لەو هەموو وردەکارییە زانستیی و تەکنۆلۆجییەی کە بۆ پرسی گرنگی وەک بەرهەمهێنانی وزەو چەکی ئەتۆمیی و چاوەدێرکردنی گرنگە ، شارەزایی و وریایی تیژیش لە پرۆسەی دیپلۆماسیی و کەین و بەینی سیاسەتی جیهانیی و لە هەمووشی گرنگتر یاسای نێونەتەوەیی دەوری هەرە کاریگەری هەبوو لە سەرخستنی دانوستانەکەدا کە ئەمە تەنیا لە یەک بەندی ڕیکەوتنەکەدا بە زەقی خۆی دەنوێنێت :

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئیمزاکەرانی ڕێکەوتنەکە گەورە بڕیاربەدەستانی دنیا بوون و پێنجیان هی دەوڵەتانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتۆکان بوون لەگەڵ نوێنەری یەکێتی ئەورووپا ، بەلام ئێران تەنیا بەمە رازی نەبوو، بەلکو سوور بوو لە سەر ئەوەی کە وەک بەندێکی هەرە گرنگ و بڕیاردەری ڕێکەوتنەکە ئەوە بکرێتە مەرج کە ئەنجومەنی ئاسایش کۆببێتەوە تەواوی ڕێکەوتنەکە قبول بکات و بەمە ببێتە یاسایەکی نێونەتەوەیی هەرە بالا .. بەڵام کەی ئەنجومەن کۆببێتەوە ؟ ئێران سوور بوو لە سەر ئەوەی تەنیا حەفتەیەک دوای ریکەوتنەکەی ڤێنا ئەنجومەنی ئاسایش کۆببێتەوە .. ئەمەشی بۆ هاتە دی .. حەفتەیەک دواتر ئەنجومەنی ئاسایش لە سەر تەواوی ڕیکەوتنەکە بە کۆی دەنگ بریار دا .. ئێران بەمە زیاتر لە هەڵۆیەکی بە بەردێک کوشت :

1 - ئەم بڕیارە تازە ئۆتۆماتیکی هەموو ئەو بڕیارە کۆنانەی ئەنجومەنی ئاسایشی بەتاڵ کردنەوە کە سزایان خستبووە سەر ئێران .

2 - ئێران زامنی ئەوەی کرد کە ئەگەر کۆنگرێسی ئەمریکیش دژی ڕیکەوتنەکە بوەستێ ، ئەمریکا وەک ئەندامی سەرەکی ئەنجومەنی ئاسایش و نەتەوە یەکگرتۆکان وەک مەزنترین دەزگای یاسایی جیهانیی زامنی ڕێکەوتنەکەن و گەر ئیدارەی ئەمریکی تازەش دژی بوەستێتەوە ئەمریکا کاری نایاسایی دەکات و بەرامبەر یاسای نێونەتەوەیی و نەتەوەیەکگرتۆکان و هەموو دنیا دەوەستێتەوەو تاک دەبێتەوە .

3 - ئێران زامنی ئەوەی کرد کە هەموو ئەندامەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و یەکێتی ئەوروپایی جددین لە جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکەو ئەم بڕیارە گرنگ بوو تا بە دەیان دەوڵەت و شەریکەی جیهان ڕاکێشێت پێشبڕکێ بکەن لە سەفەر بۆ ئێران و خۆئامادەکردن بۆ صەفقەی بازرگانیی گەورە لە هەموو بوارەکاندا .

4 - ئێران لەوە دەرچوو کە لە ژێر هەڕەشەی پەلاماری ئاسمانییدا بێت یان ئەمریکاو غەرب هەولی ڕژێم -گۆڕین بدەن بە پێچەوانەوە دوای سیاسەتی چەوتی سەعودیە و تورکیاو گیرخواردنیان لە کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان ، ئێران دەوری خۆی وەک بەهێزترین هاوپەیمانی غەرب لە خۆرهەڵاتی نێوەند دەگێڕێتەوەو، لە ڕووی جیۆپۆلیتکییەوە لە دوای ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپی و چین و ڕوسیا ، ئێران پێنجەم گەورەترین قوتبی هێزی جیهانە ، ئەو دەورەی کە شا خەونی پێوە دەبینی .

ئەوەی وای لە ئێران کرد سیاسەت بکات نەک گەوادیی سیاسیی :

1 - پاشخانی شارستانیی مەزنی ئێران و کەسێتیی سەربەرزو سەربەخۆی ئێرانیی .

2 - سیستمی دەستووریی دیمۆکراتی ئێران

3 - زانست و وردەکاری زانستیی

4 - تێگەیشتن و کەڵك وەرگرتن لە یاساو دەزگاکانی نیونەتەوەیی

5 - دیپلۆماسییەتی پراگماتیکی عاقلانەو زیرەکانەو بوونی ئیرادەی بەهێزو دیپلۆماتی گەورەی خاوەن ئیرادەو زانست و بریاردان.

6 - ئیرادەی سیاسیی باڵای بەهێزو کەلک وەرگرتن لە دەرفەت و بەجێگەیاندنی ئامانج لە ماوەیەکی ڕێژەیی کەمدا .

کاتی نەخشەی بە ئەنجامگەیاندنی ڕێکەوتنەکە :

حوزەیرانی ٢٠١٣ : بوونی ڕۆحانی بە سەرۆک کۆمار و بەڵێندانی ، کە یەکەم ئەرکی چارەسەری کێشەی چەکی ئەتۆمی ئێران و کۆتاییپێهێانی گۆشەگیریی و سزای ئابووریی لە سەر ئێران دەبێت .

ئەیلوولی ٢٠١٣ : ڕۆحانی بەشداری کۆبوونەوەی نەتەوە یەکگرتۆکان دەکاو بە تەلەفون لەگەڵ ئۆباما قسە دەکات . لە هەمان کاتدا وەزیرانی دەرەوەی ئێران و ئەمریکا یەکتر دەبینن .

نۆڤەمبەری ٢٠١٣ : ئێران و گرۆپی ٥+١ دەگەنە ریکەوتن لە سەر [ نەخشەی کار ] بۆ چارەسەری گرفتەکان .

تەمووزی ٢٠١٤ : گروپی ٥+١ و ئێران لە سەر وادەی کۆتایی [ دێدلاین ] بۆ جارەسەری گرفتەکان ڕێک دەکەون . وادەکە بە بێ ریکەوتن تێدەپەڕێ و درێژدەکرێتەوە بۆ نۆڤەمبەری ٢٠١٤.

نۆڤەمبەری ٢٠١٤ : لەوادەی دیاریکراودا ناگەنە ئەنجام و وادەکە بۆ حوزەیرانی ٢٠١٥ درێژ دەکرێتەوە بەو مەرجەی تا مانگی تەمووز لە سەر [ چوارچیوەیەک بۆ چارەسەری کێشەکان ] ڕێکبکەون .

٢ ی نیسانی ٢٠١٥ : ئێران و زلهێزەکان ریکەوتنێک لە سەر چوارچێوەیەک بۆ ڕیکەوتن رادەگەیەنن و ٣٠ حوزەیران بە دوا وادە بۆ ڕیکەوتن دیاری دەکرێت .

حوزەیرانی ٢٠١٥ : دوا جەولەی دانوستانەکان بە ئامادەیی جەواد زەریف دەستپێدەکات . ٩ ی تەموز بە دواوادە دەستنیشان دەکەن ، تا ئەو کاتە پێشکەوتنی زۆر ئەنجام دەدەن بەلام ناگەنە دوا ریکەوتن ماوەکە درێژ دەکەنەوە لەگەل دەربڕینی ئیرادەی سیاسیی لە لایەن هەموو بەشدارانەوە کە بێگوێدانە کات و ماندوویی و شەونخوونی دەبێ ئەمجارە بگەنە ڕیکەوتنی کۆتایی .

١٤ تەمووزی ٢٠١٥: دوای ١٧ ڕۆژو شەو دانوستان ڕیکەوتنی دوایی رادەگەیەندرێت

لە یەک ڕۆژدا ئۆباما ڕۆحانی دینە سەر تەلەفزیۆن و پشتگیری ڕیکەوتنەکە دەکەن . ئۆباما هەڕەشە دەکات کە هەر دژایەتییەکی کۆنگرێس ڤیتۆ دەکات و دواتر ئینزاری ئیسرائیلیش دەکات کە ئەگەر دوژمنایەتی ریکەوتنەکە بکات خۆی بە تەنیا تووشی جەنگ دەکات و مانەوەی دەکەوێتە مەترسییەوە .